# ئایا خوێنـــدن و تـاقیکــردنـــەوە دەبێتە عوزر بۆ بەڕۆژوو نەبوون؟

## ( حوکم و چارەسەر )

ئامادەکردنی
سردار جبار محی الدین

پێداچونەوەی
مامۆستا خلیل أحمد

=====================================================

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org
walamakan.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

**لەم نامیلکەیەدا :**

* ڕۆژوو گرتن واجبە لەسەر هەموو موسڵمانان

* ڕۆژوو روکنێکە لە روکنەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام

* ئایا خوێندن و تاقیکردنەوە دەبێتە عوزرێکی شەرعی بۆ ڕۆژوو نەگرتن؟

* ئەو کەسانەی کە دروستە بە ڕۆژوو نەبن کێن؟

* ساڵێك ڕۆژوگرتن جێگەی ڕۆژوویەکی مانگی ڕەمەزانت بۆ ناگرێتەوە

* ئەگەر کۆتا کردەوەت لەژیانتدا ڕۆژوو بێت دەچیتە بەهەشتەوە

* قوتابی خۆشەویست ئایا حەزت لە لێخۆش بوونی خودایە؟

* قوتابی خۆشەویست ئایا پێت خۆشە دەرگای بەهەشتت بۆبکرێتەوە ؟

* قوتابی خۆشەویست ئایە تۆ بۆچی دروست کراویت؟

* بەراوردێك لە نێوان تاقی کردنەوەی دونیاو تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی

* چارەسەر چیە؟

* کاربەدەستان ئێوەش پێویستە لەسەرتان.....

* بۆ سودبینین و تێڕامان:لە سەرەمەرگیشدا ڕۆژووەکەی ناشکێنێت!

* پرسیارو وەڵامی زانایانمان

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە فەرموویەتی ڕۆژوو بۆ منەو خۆم پاداشتی دەدەمەوە، ئەو خودایەی کە ڕۆژووی کردوە بە قەڵغان و قەڵای پارێزەر بۆ ئیمانداران لە تاوان و سزای ئاگری جەهەنم، وە کردویەتی بە شەفاعەتکار و هۆکار بۆ چوونە بەهەشتیان، وە سەڵات و سەلام لە سەر ئەو پێغەمبەرەی کە فەرموویەتی: هەرکەسێك ڕۆژێك لە پێناوی خودادا بەڕۆژوو بێت خوای گەورە حەفتا پایز ڕومەتی لە ئاگری جەهەنم دوور دەخاتەوە و خەندەقێك لە نێوان ئەو و ئاگردا دادەنێت بەقەدەر نێوان ئەرزو ئاسمان .

## بێگمان ڕۆژوو گرتن واجبە لەسەر هەموو مسوڵمانان:

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة: ١٨٣].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن.

## ڕۆژوو روکنێکە لە روکنەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام:

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ.متفق عليه.

لە ئیبنو عومەرەوە ڕەزاو ڕەحمەتی خودا لە خۆی و باوکی بیت دەگێرنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ئیسلام بونیات نراوە لەسەر پێنج شت، گەواهی دان بەوەی کە هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن بۆ کردن نیە جگە لە خودا وە موحەمەد نێردراوی خودایە، وە ئەنجام دانی نوێژ، وە دانی زەکات، وە ئەنجام دانی حەج، وە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان.

موسڵمانان بەدرێژای مێژوو ئەم ڕوکنە گەورەی ئیسلامیان بەرز ڕاگرتووە، بەجۆرێك ئەوکەسانەشی کە جگە لە مانگی ڕەمەزان نوێژیان نەکردووە، لەومانگەدا گەڕاونەتەوەو نوێژوو ڕۆژوەکانیان بەجوانی ئەنجام داوە، بەڵام لەم دواییانەدا بەهۆی ئەوەی کە تاقیکردنەوەی بەشێکی زۆر لە قوتابیان دەکەوتە مانگی ڕەمەزانەوە، بەشێك لە قوتابیان بەبیانوی ئەوەی کە ڕۆژوو گرتن دەبێتە هۆی لاواز بونیان و ناتوانن بەباشی خوێندنەکەیان بکەن یان بەباشی وەڵامی تاقیکردنەوەکان بدەنەوە بەشێك لەم مانگە بەڕۆژوو نەدەبوون.

## لێرە پێویستە بپرسین ئایە خوێندن و بەشداری کردن لە تاقیکردنەوە دەبێتە عوزرێکی شەرعی بۆ بەڕۆژوو نەبوون؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێم خۆشە لە پێشدا ئەو کەسانە باس بکەم کە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ڕیگەیان پێدراوە بەڕۆژوو نەبن یان دەبێت بەڕۆژوو نەبن:

بەپێی بەڵگەی قورئان و فەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم ئەو کەسانەی کە بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن یان دەبێت بەڕۆژوو نەبن ئەمانەن:

**یەکەم:** منداڵ پێش باڵغ بوون: ڕۆژوو گرتن لە سەر منداڵ واجب نیە، بەڵام پێویستە لە سەر دایك و باوکەکان کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە منداڵەکانیان ڕابهێنن لە سەر ڕۆژوو گرتن بۆ ئەوەی کە گەورە بوون بتوانێت بەڕۆژوو بن، وە هاوەڵانی پێغەمبەری خودایش صلی الله علیه وسلم منداڵەکانیان هەر لە منداڵیەوە ڕاهێناوە لەسەر بەڕۆژوو بوون.

**دووەم:** شێت کە عەقڵی لەدەست دابێت.

بەڵگەش لە سەر خاڵی یەکەم و دووەم:عَنْ عَائِشَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبَرَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ، أَوْ يُفِيقَ.أخرجه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجة وصححه الألباني.

لە عائیشەوە ڕەزای خودا لە سەر خۆی و باوکی بێت دەگێرنەوە کە فەرمویەتی: پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: قەڵەم هەڵگیراوە لە سەر سێ کەس: لە سەر خەوتوو تابە خەبەر دێت، وەلە سەر منداڵ تا گەورە دەبێت، وە لەسەر شێت تاوەکو عاقڵ دەبێت یان بە هۆشی خۆیدا دێت.

**سێیەم:** نەخۆش: کەسێك نەخۆش بێت، بەجۆرێك ڕۆژوگرتن قورسبێت بۆی و ناڕەحەتی بکات، یان زەرەری پێبگەیەنێت.

**چوارەم:** موسافیر کەسێك کە لە سەفەردا بێت.

بەڵگەش لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەم:خوای گەورە فەرموویەتی: {وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ} [البقرة: ١٨٥].

واتە:هەر کەسێك نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت، با بەژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە لە کاتی نەخۆشی و سەفەردا بەڕۆژوو نەبووە ڕۆژوو بگرێتەوە.

**پێنجەم:** کەسێك توانای ڕۆژوو گرتنی نەبێت بەهۆی چوونە تەمەنەوە یاخود بەهۆی نەخۆشیەك کە ئومێدی چاك بوونەوەی نەبێت واتا نەخۆشی درێژخایەن.

خوای گەورە فەرموویەتی: {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ} [البقرة: ١٨٤].

واتە: وە پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە بە زەحمەتێکی زۆر دەتوانن بەڕۆژووبن–وەك بەتەمەنو خاوەن نەخۆشە درێژخایەنەکان_ فدیە بدەن کە بۆهەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێکە.

**شەشەم و حەوتەم:** ئافرەتی دووگیان و شیردەر: ئەگەر ڕۆژوو گرتن مەترسی لەسەر خۆیان یان لەسەر منداڵەکەیان دروست بکات.

عَنْ أَنَسٍ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنِ الْمُسَافِرِ نِصْفَ الصَّلَاةِ وَالصَّوْمَ، وَعَنِ الْحُبْلَى وَالْمُرْضِعِ»أخرجه أبو داود والنسائي وحسنه الألباني.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوداوە صلى الله عليه وسلم فەرمووی:خوای گەورە نیوەی نوێژو ڕۆژوو گرتنی هەڵگرتووە لەسەر موسافیر، وە ڕۆژووگرتنی هەڵگرتوە لەسەر ئافرەتی دووگیان و شیردەر.

عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: إِذَا خَافَتِ الْحَامِلُ عَلَى نَفْسِهَا، وَالْمُرْضِعُ عَلَى وَلَدِهَا فِي رَمَضَانَ، قَالَ: يُفْطِرَانِ، وَيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا وَلَا يَقْضِيَانِ صَوْمًا.أخرجه الطبري في تفسيره

وقال الألباني: إسناده صحيح على شرط مسلم

لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: عبدوڵای کوڕی عەباس فەرمووی:ئەگەر ئافرەتی دووگیان ترسی لە خۆی هەبوو، وە ئافرەتی شیردەر ترسی لە منداڵەکەی هەبوو، بەڕۆژوو نابن و بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، وە ڕۆژووەکەیان ناگێڕنەوە.

**هەشتەم و نۆیەم:** ئافرەت لە سوڕی مانگانەدا بێت یان زەیسان بێت: بۆی دروست نیە بەڕۆژوو بێت، وە واجبە لەدوای مانگی ڕەمەزان ڕۆژووەکەی بگێڕێتەوە.

عَنْ مُعَاذَةَ، قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ فَقُلْتُ: مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ، وَلَا تَقْضِي الصَّلَاةَ. فَقَالَتْ: أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ؟ قُلْتُ: لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ، وَلَكِنِّي أَسْأَلُ. قَالَتْ: «كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ»أخرجه مسلم.

لە موعاذەوە دەگێڕنەوە کە وتویەتی:پرسیارم کرد لە عائشە:بۆ چی ئافرەت لە سوڕی مانگانەدا بێت ڕۆژوو دەگێڕێتەوە بەڵام نوێژ ناگێڕێتەوە؟ پێی وتم : ئایا تۆ خەوارجی؟ وتم : من خەوارج نیم بەڵام پرسیار دەکەم وتی: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خودادا دەکەوتینە سوڕی مانگانەوە، فەرمانمان پێدەکرا بە گێڕانەوەی ڕۆژوو، و فەرمانمان پێنەدەکرا بە گێڕانەوەی نوێژ.

ئەم نۆ خاڵەی کە باسمانکرد ئەو کەسانەبوون کە بەپێی بەڵگەی شەرعی بۆیان هەیە کە بەڕۆژوو نەبن، بینیمان لە هیچ خاڵێکیاندا باسی خوێندن و تاقیکردنەوەی تێدا نەبوو، واتە هیچ بەڵگەیەك نیە لە قورئان و سونەت کە ڕێگە بدات بە قوتابی بە بیانوی خوێندن و تاقیکردنەوە بەڕۆژوو نەبێت.

ئەی قوتابی خۆشەویست ئایا تۆ کام لە مانەیت تا بەدروستی بزانیت بەڕۆژوو نەبیت؟: منداڵ! شێت! نەخۆش! موسافیر! پیرو پەکەوتە! ئافرەتی دووگیان! ئافرەتی شیردەر! ئافرەتی زەیسان! ئافرەتێك لە سوڕی مانگانە بێت!

قوتابی خۆشەویست دوای ئەوەی کە بۆت ڕوون بویەوە کە خوێندن و بەشداری کردن لە تاقی کردنەوە نابێتە عوزرێکی شەرعی بۆ بە ڕۆژوو نەبوون بزانە کە ڕۆژوو نەگرتن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان :

ئیمامی زەهەبی فەرموویەتی:لای مسوڵمانان جێگیر و یەکلایە کە هەرکەسێك بەبێ عوزر و بەبێ نەخۆشی واز لە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان بهێنێت ئەوە ئەو کەسە خراپترە لە کەسی زیناکار و لە کەسێك کە بەبەردەوامی عەرەق بخواتەوە، بەڵکو گومانیان هەیە لە مسوڵمانەتێکەی و گومانی بێدینی و دەرچوون لە دینی پێ دەبەن. (الكبائر للذهبي ص:١٥٧).

کەواتە ئەگەر یەك ڕۆژ بەبێ عوزر ڕۆژوو نەگریت:

تاوانێکی گەورەت ئەنجام داوە!

تاوانەکەت گەورەترە لە تاوانی زینا! عەرەق خواردنەوە! دزیکردن! ڕێگرتن لە خەڵکی!

بەڵکو جوان گوێبگرە لەم فەرموودەیە بۆ ئەوەی بزانیت سزای بەڕۆژوو نەبوون چیە؟

عن أبي أمامة الباهلي رضي الله عنه قال سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول «بَيْنَمَا أَنَا نَائِمٌ أَتَانِي رَجُلَانِ فَأَخَذَا بِضَبْعَيَّ فَأَتَيَا بِي جَبَلًا وَعِرًا، فَقَالَا: اصْعَدْ، فَقُلْتُ: إِنِّي لَا أُطِيقُهُ، فَقَالَا: إِنَّا سَنُسَهِّلُهُ لَكَ، فَصَعِدْتُ حَتَّى إِذَا كُنْتُ فِي سَوَاءِ الْجَبَلِ إِذَا بِأَصْوَاتٍ شَدِيدَةٍ، فَقُلْتُ: مَا هَذِهِ الْأَصْوَاتُ؟ قَالُوا: هَذِهِ عُوَاءُ أَهْلِ النَّارِ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا أَنَا بِقَوْمٍ مُعَلَّقِينَ بِعَرَاقِيبِهِمْ مُشَقَّقَةً أَشْدَاقُهُمْ دَمًا، قُلْتُ مَنْ هَؤُلَاءِ؟ قَالَ

الَّذِينَ يُفْطِرُونَ قَبْلَ تَحِلَّةِ صَوْمِهِمْ»رواه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحيهما وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە ڕەزای خودای لە سەربێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: بیستم لە پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم کە دەیفەرموو: لە کاتێکدا کە خەوتبووم دوو پیاو هاتن بۆ لام و هەردوو قۆڵیان گرتموو بردمیان بۆ لای شاخێکی سەخت و پێیان وتم سەرکەوە، منیش وتم: من ناتوانم سەرکەوم، وتیان: ئێمە بۆتی ئاسان دەکەین، سەرکەوتم تاگەیشتمە ناوەڕاستی شاخەکە گوێم لە دەنگ و هاوارێکی بەهێزوو توند بوو، وتم ئەم دەنگوو هاوارانە چین؟

وتیان: ئەوە قیژەو هاواری ئەهلی ئاگرە. پاشان بردمیان تاوەکو قەوم و کەسانێکم بینی بەڕەگی پشتی قاچیان سەرەو بن هەڵواسراوبوون لێویان شەق شەق بوو بوو خوێنی لێ دەچۆڕا، وتم ئەمانە کێن؟ وتیان ئەمانە ئەوکەسانەن کە ڕۆژوو دەشکێنن پێش ئەوەی کاتی ڕۆژوو شکاندن بێت.

زانایانمان دەفەرموون ئەگەر ئەمە سزای کەسێك بێت کە ڕۆژوەکەی نەباتە سەر و پێش ئاوابوونی خۆر ڕۆژووەکەی بشکێنێت، ئەی دەبێت سزای ئەو کەسانە چی بێت کە هەر لە سەرەتاوە بە بێ عوزر بەڕۆژوو نابێت.

## قوتابی خۆشەویست ساڵێك ڕۆژوگرتن جیگەی ڕۆژوویەکی مانگی ڕەمەزانت بۆ ناگرێتەوە:

عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: «مَنْ أَفْطَرَ يَوْمًا مِنْ رَمَضَانَ مِنْ غَيْرِ رُخْصَةٍ لَمْ يُجْزِهِ صِيَامُ الدَّهْرِ كُلِّهِ»أخرجه ابن أبي شيبة.لە عبدوڵای کوڕی مەسعودەوە دەگێڕنەوە کە فەرمووی:هەرکەسێك ڕۆژێك لە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبێت بەبێ مۆڵەت و عوزری شەرعی، ڕۆژوو گرتنی درێژای ساڵ جێگەی ئەو ڕۆژەی بۆ ناگرێتەوە.

## قوتابی خۆشەویست ئەگەر کۆتا کردەوەت لەژیانتدا ڕۆژوو بێت دەچیتە بەهەشتەوە:

عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: مَنْ صَامَ يَوْمًا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللهِ خُتِمَ لَهُ بِهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ. أخرجه احمد وصححه الألباني.لە ئەبو حوزەیفەوە ڕەزای خودای لە سەربێت دەگێڕنەوە کەفەرموویەتی: پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : هەرکەسێك ڕۆژێك لە پێناوی خودادا بەڕۆژوو بێت و ببێت بە کۆتا کردەوەی ، دەچێتە بەهەشتەوە.

قوتابی خۆشەویست ئایا تۆ دڵنیاییت ئەو ڕۆژەی کە بەبێ عوز تیایدا بەڕۆژوو نابیت کۆتا ڕۆژی تەمەنت نیە؟

## قوتابی خۆشەویست ئایا حەزت لە لێخۆش بوونی خودایە؟

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»متفق عليه.

لە ئەبوو هورەیرەوە ڕەزای خودای لێبێت فەرمووی: پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی:هەرکەسێ مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت، بڕوای پێی هەبێتوو چاوەڕوانی ئەجرو پاداشتەکەی بکات، خودای گەورە لە تاوانی لەوەو پێشی خۆش دەبێت.

## قوتابی خۆشەویست ئایا پێت خۆشە دەرگای بەهەشتت بۆبکرێتەوە ؟

عَنْ سَهْلٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: إِنَّ فِي الجَنَّةِ بَابًا يُقَالُ لَهُ الرَّيَّانُ، يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يَوْمَ القِيَامَةِ، لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ، يُقَالُ: أَيْنَ الصَّائِمُونَ؟ فَيَقُومُونَ لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ، فَإِذَا دَخَلُوا أُغْلِقَ فَلَمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أَحَدٌ.متفق عليه.

لە سەهلەوە ڕەزای خودای لەسەر بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی دەوترێت ڕەیان، ڕۆژووانەکان لێیوە دەچنە ژوورەوە، کەس جگە لەوان لێیەوە ناچێتە ژوورەوە، دەوترێت: ڕۆژووانەکان لە کوێن؟

ڕۆژووانەکانیش هەڵدەستن، جگە لەوان کەسی تر ناچێتە ژوورەوە، کە چوونە ژوورەوە دەرگاکە دادەخرێت و کەس تر لێی ناچێتە ژورەوە.

قوتابی خۆشەویست چۆن ئەجرو پاداشتە گەورەکانی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان لەدەستی خۆت دەدەیت؟!!

## قوتابی خۆشەویست ئایە تۆ بۆچی دروست کراویت؟

قوتابی خۆشەویست بێگومان تۆو هەموو خەڵکی تریش بۆ پەرەستنی پەروەردگار دروست کراون، دەبێت هەمیشە ئەو مەبەستەی کە تۆی بۆ دروست کراوی لەیادت بێت و هیچ شتێکی تر پێشی نەخەیت، وە نەیکەیتە قوربانی هیچ شتێکی تر.

قوتابی خۆشەویست تۆ لەبەر تاقیکردنەوەیەکی دونیایی ڕۆژوو نەگریت ئەی چیت ئامادەکردووە بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی ؟ چی جوابێکت پێیە ئەگەر پەروەردگار پرسیاری لێت کرد ئەی بەندەکەم بۆچی بەڕۆژوو نەبویت؟

قوتابی خۆشەویست تاقیکردنەوەی ئەم دونیایە زۆر ئاسانترە لەتاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی، لەڕاستیدا هەر بەراورد ناکرێت بەڵام من بەکورتی لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێم خۆشە بەراوردێکی کورتی نێوان ئەو دوو تاقیکردنەوەیە بکەم.

## بەراوردکردنێك لە نێوان تاقی کردنەوەی دونیاو تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی

١–تاقیکردنەوەوەی ڕۆژی دوای لەلایەن پەروەردگارەوە دەکرێت.

تاقیکردنەوەی دونیایی لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەکرێت.

٢–تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی لە ساحەی مەحشەر دەکرێت کە تیایدا خۆر نزیك دەبێتەوە لە خەڵکی بەئەندازەی میلێك.

تاقیکردنەوەی دونیایی لە هۆڵ و قاعەیەك دەکرێت کەتیشکی خۆر نادات لە قوتابیان.

٣-لە تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی مرۆڤەکان بەڕوتیی و بە پێی پەتیی و بە خەتەنەنەکراوی حسابیان لەگەڵ دەکرێت.

لە تاقیکردنەوەی دونیایی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی ئاسایی پۆشاکیان لەبەرەو پێلاویان لەپێیە.

٤-تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە.

تاقیکردنەوەی دونیایی ماوەکەی چەند سەعاتێکە.

٥-تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی هیچ کەس ناتوانێت غەش و فێڵ یان درۆی تیدا بکات.

تاقیکردنەوەی دونیایی دەگونجێت هەندێك کەس غەش و فێڵ و تەزویرو واسیتەی تێدا بکەن.

٦-تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی ناچاریەو دەبێت هەموو کەس تیایدا بەشداربێت

تاقیکردنەوەی دونییای ئیختیاریەو بەهەڵبژاردنی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵکو دەتوانێت هەر بەشدار نەبێت تێیدا.

٧-تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی مۆڵەتی دوبارەکردنەوەو گەڕانەوە بۆ دونیایی تیدا نیە.

تاقیکردنەوەی دونیایی دەتوانیت دوبارەی بکەیتەوە جا لەدەوری دووەم یاخود لەساڵێکی تر.

٨- لە تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی لێپرسینەوە لە هەموو شتێك کە مرۆڤ ئەنجامی دابێت دەکرێت بە گەورە و بچوکەوە بە نهێنی و ئاشکراوە.

لە تاقیکردنەوەی دونیایی لێپرسینەوە لە چەند شتێکی دیاری کراو دەکرێت.

٩- لە تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی هیچ کەس ناتوانێت هاوکاری یەك بکات بەڵکو لەڕۆژی دوایدا دایك و باوك لەمنداڵەکەیان ڕادەکەن برا لە برا ڕادەکات، ژن و مێرد لەیەك ڕادەکەن.

لە تاقیکردنەوەی دونیایی هەموو هاوکاریەکی قوتابی دەکرێت بۆ ناجح بوون جا پێش تاقیکردنەوە یان هەندێك جار لەناو تاقیکردنەوەکەش.

١٠- تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی بەئاشکراو بەبەرچاوی هەموو خەڵکیەوە دەکرێت.

تاقیکردنەوەی دونیایی لە هۆڵێکی داخراو و دوور لە چاوی خەڵکانی تر دەکرێت.

١١– نەتیجەو دەرئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی بەئاشکرا و بەبەرچاویی خەڵکیەوە دەدرێت بە خاوەنەکانیان ئەهلی بەهەشت بەدەستی ڕاستیان و ئەهلی ئاگر بەدەستی چەپیان.

لە تاقیکردنەوەی دونیایی زۆر جار نەتیجەو دەرئەنجامەکان بە نهێنی دەدرێت بە خاوەنەکانیان.

١٢ – کەوتن لە تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی دەبێتە هۆی چونە ناو ئاگری دۆزەخ.

کەوتن لەتاقیکردنەوەی دونیایی دەبێتە هۆی دواکەوتنی ساڵێك لە خوێندن یان هەر زەرەرێکی تری دونیایی .

ئەوەی باسمان کرد بەراوردێکی کورت و کەم بوو لە نێوان تاقیکردنەوەی دونیایی و تاقی کردنەوەی ڕۆژی دوایی.

ئایا کام تاقی کردنەوە لای تۆ زۆر گرنگە ؟

ئایا تاقیکردنەوەی ڕۆژی دوایی دەکەیتە قوربانی تاقیکردنەوەیەکی دونیایی؟

## چارەسەر چیە؟

بێگومان قوتابیان لە گەڵ خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا دەڵێن ئێمە بەدرێژای ئەم ساڵە یان چەندین ساڵە دەخوێنین ئەگەر لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا هەوڵێکی زۆر نەدەین نەتیجەو دەرئەنجامێکی باش بەدەست ناهێنین، چۆن بتوانین هەم ڕۆژووەکەمان بگرین و هەم نمرەیەکی باش بەدەست بهێنین؟

لەوەڵامدا دەڵێم قوتابی موسڵمان وەکو چۆن دەبێت گرنگی بدات بە عیبادەتەکانی دەبێت گرنگیش بدات بە خوێندنەکەی، پێویستە کارێك بکات نە عیبادەتەکانی بەفیڕۆ بچێت نە لە خوێندنەکەشی دواکەوێت، ئەمەش بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێویستە قوتابی هەر لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە بڕیار بدات کە تەواوی ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، وە ڕێگە نەدات بەشەیتان وەسوەسەی بۆ دروست بکات و ڕۆژوو گرتنی لاقورس بکات، وە وا بیهێنێتە پێش چاوی کە ڕۆژوو بەربەستە لەبەردەم خوێندنەکەیدا.

**دووەم:** پێویستە قوتابی بزانێت کە هەموو شتێك بەدەستی پەروەردگارە، ئەگەر ئەو لە پێناوی پەروەردگاردا بەڕۆژوو بێت وە لەگەڵ ڕۆژووەکەشیدا هەوڵی خۆی بدات ئەوا پەروەردگاریش یارمەتی دەری دەبێت لە خوێندنەکەی و سەرکەوتوی دەکات.

خوای گەورە فەرموویەتی: {وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا} [الطلاق: ٢].

واتە: هەرکەسێك لە خوا بترسیٚ و سنوورەکانی بپارێزیٚ، خوا دەرووی خێری لیٚ ئەکاتەوە .

**سێیەم :** پێویستە قوتابی کاتەکانی ڕێك بخات: بێگومان قوتابی دەتوانێت سود لە خوێندنی شەو ببینێت، بەتایبەتی کە ئێستا زۆربەی خەڵکی لەشەودا ناخەون، ئەگەر لەسەعات حەوت بانگی ئێوارە بدات و لەسەعات سێیش بانگی بەیانی بدات ئەوە قوتابی هەشت سەعات کاتی دەبێت لەشەودا، با دوو سەعات یان سیٚ سەعاتی دابنێت بۆ نوێژکردن و نانخواردن و ئیسراحەت ئەوە پێنج بۆ شەش سەعاتی بۆ دەمێنێتەوە لەشەودا، یان دەتوانێت سود ببینێت لە خوێندنی دوای نوێژی بەیانی بەڕاستەوخۆ کە ئەوکاتە تازە پارشێوی کردوە و ڕۆژووگرتن کاریگەری نابێت لەسەر خوێندنەکەی . بەهەر حاڵ هەر قوتابیەك بە پێی گونجان و توانای خۆی دەتوانێت کاتەکانی بەشێوەیەك ڕێك بخات کە بتوانێت هەم بەڕۆژوو بێت و هەم خوێندنەکەشی بە جوانی ئەنجام بدات.

**چوارەم:** پێویستە قوتابی لە کاتی بەربانگ کردندا نان زۆر نەخوات، چونکە خواردنی زۆر لە بەربانگدا دەبێتە هۆی ناڕەحەت بوونی و دەبێتە ڕێگریش لە خوێندنی، لە بەرامبەردا پێویستە پارشێوێکی باش بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆژووەکەی بباتە سەر.

**پێنجەم:** پێویستە قوتابی خۆی بەدور بگرێت لەو هاوڕێیانەی کە لەو مانگەدا بەڕۆژوو نابن چونکە ڕەنگە بەهۆی ئەوانەوە ئەمیش لەڕۆژوو گرتن ساردببێتەوە.

**شەشەم:** پێویستە قوتابی زۆر لە خودا بپاڕێتەوە کە ڕۆژوو گرتنەکەی بۆ ئاسان بکات و یارمەتی دەریشی بێت لە خوێندنەکەیدا، چونکە هەموو مسوڵمانێك لە هەموو شەو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان دوعاو پاڕانەوەیەکی وەرگیراوی هەیە.

عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : **إِن لله تبَارك وَتَعَالَى عُتَقَاء فِي كل يَوْم وَلَيْلَة يَعْنِي: فِي رَمَضَان، وَإِن لكل مُسلم فِي كل يَوْم وَلَيْلَة دَعْوَة مستجابة.** أخرجه الطبراني في الأوسط، وصححه لغيره الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

لە ئەبوسەعیدی خودریەوە ڕەزای خودای لەسەر بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم فەرمووی : پەروەردگار لە هەموو شەو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان کۆمەڵە بەندەیەکی هەیە کە ڕزگاریان دەکات لە ئاگر، وە هەموو موسڵمانێك لە هەموو شەو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان دوعاو پاڕانەوەیەکی وەرگیراوی هەیە.

وە بەتایبەتی لەسێیەکی کۆتای شەودا زۆر لەخودا بپاڕێتەوە چونکە لەوکاتەدا پەروەردگارمان دادەبەزێتە ئاسمانی دونیاو دەڵێت کێ لێم دەپاڕێتەوە وەڵامی بدەمەوە، کێ دوای شتێکم لێدەکات پێی ببەخشم، کێ داوای لێخۆش بوونم لێدەکات لێی خۆش بم.

جا قوتابی خۆشەویست هەوڵبدە پێش بانگی بەیانی زۆر لەخودا بپاڕێرەوە چونکە خۆی داوامان لێدەکات لێی بپاڕێنەوە تا وەڵامان بداتەوە، بەڵکو پەروەردگاری وەعدو پەیمانی وەڵامدانەوەی پێ داوین کە دەفەرمێت: {وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ} [غافر: ٦٠].

واتە :پەروەردگارتان وتوویەتی لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

ئەی قوتابی خۆشەویست ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد جێبەجێی بکە دڵنیابە ان شاو الله هەم دەتوانیت ڕۆژووەکەت بەجوانی بگریت، وە هەم لە خوێندنەکەش سەرکەوتوو دەبیت، بۆیە دوو دڵ مەبە لە گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

## کاربەدەستان ئێوەش پێویستە لەسەرتان.....

پێویستی ئاماژە بەوەش بکەم کە پێویستە لەسەر کاربەدەستان تاقیکردنەوەکانی کۆتای ساڵ نەخەنە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە بۆ ئەوەی قوتابیان نەکەونە نێو ناڕەحەتی و توشی ئەم کێشانە نەبن.

بەڵکو بائەو مانگە ببێت بە پشو وەتاقیکردنەوەکان پێش یاخود پاشی مانگی ڕەمەزان ئەنجام بدرێت.

چونکە هەموو ساڵێك ئەم حاڵەتە دوو بارە نابێتەوە، بەڵکو لەماوەی سی و شەش ساڵدا مانگی ڕەمەزان بەتەواوی بە وەرزەکاندا سوڕ دەخوات، باوادابنێین کە تاقیکردنەوەکان پێویستی بە دوو مانگ هەیە، ئەوە تەنها شەش ساڵ مانگی ڕەمەزان دەکەوێتە نێو بەشێك لە تاقیکردنەوەکان یان هەموو تاقیکردنەوەکان، وە لەبەرامبەردا سی ساڵ ڕەمەزان ناکەوێتە کاتی تاقیکردنەوکانی کۆتای ساڵ.

کەواتە پێویستە لە سەر کاربەدەستان لەخودا بترسن، نەبنە هۆکار و بەربەست لەبەردەم بەڕۆژوو بوونی قوتابیان.

ئەی کاربەدەستان بزانن ئێوە بەرپرسن لە پاراستنی دینی خەڵکی پێش هەموو شتێکی تر.

## بۆ سودبینین و تێڕامان:

## لە سەرەمەرگیشدا ڕۆژووەکەی ناشکێنێت!

ئەبو مەریەمی غەسانی بەڕۆژوو بوو لە گەڵ ئەوەی لە کۆتا ساتەکانی تەمەنیدا بوو، ئەوانەی لە چواردەوریدا بوون پێیان وت: ئەگەر قومێك ئاوت بخواردایە، ئەویش بەدەستی ئاماژەی کرد وتی نا، کاتێك کە مەغریب هات وتی:بانگدەر بانگی دا، وتیان بەڵێ، قومێك ئاویان کردە دەمیەوەو مرد.

## تیاچون بۆ تۆ منداڵەکانیشمان بەڕۆژوون!

پیاوێکیان هێنا بۆلای عورمەری کوڕی خەتاب عەرەقی خواردبووەوە لە ڕەمەزاندا، ئیمامی عومەر پێی وت: «وَيْلَكَ، وَصِبْيَانُنَا صِيَامٌ »علقه البخاري ووصله سعيد ابن منصور والبغوي

واتا: تیاچوون بۆ تۆ، منداڵەکانیشمان بەڕۆژوون، پاشان هەشتا جەڵدەی لێداو دوریشی خستەوە بۆ شام.

## پرسیارو وەڵامی زانایا نمان

قوتابی خۆشەویست ئەم پرسیارەی کە ئێمە لەم نامیلکەدا هەوڵماندا وەڵامی بدەینەوە، لە زانایانی گەورەی هاوچەرخ کراوە ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:

**یەکەم:** پرسیارکرا لە موفتی پێشوی سعودیە شیخ عبدالعزیز ابن باز ڕەحمەتی خودای لێبێت

ئایا تاقیکردنەوەی قوتابخانە عوزرێکە کە بەڕۆژوو نەبون لەمانگی ڕەمەزاندا حەڵاڵ بکات؟

**وەڵام:** تاقیکردنەوەی قوتابخانە و هاوشێوەکانی بە عوزر دانانرێت بۆ بەڕۆژوو نەبوون لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا، وە دروست نیە گوێڕایەڵی دایك و باوك بکرێت لە بەڕۆژوو نەبون بە هۆی تاقیکردنەوەوە چونکە «لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق» گوێڕایەڵی هیچ دروست کراوێك ناکرێت لە سەرپێچی کردنی دروستکەردا. «وإنما الطاعة في المعروف » وەگوێڕایەڵی کردن لە چاکەدا دەکرێت. (مجموع الفتاوى ابن الباز ١٥/٢٥٠).

**دووەم:** پرسیار کرا لەزانای پایەبەرز شیخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خودای لێبێت کە لەم ساڵدا تاقیکردنەوەکان دەکەونە مانگی ڕەمەزانەوە، وە قوتابخانە هەندێك لەماڵمانەوە دوورە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژوومان لەسەر قورس بێت، ئایە دروستە بۆمان بە ڕۆژوو نەبین و دواتر بیگێڕینەوە؟

**لەوەڵامدا فەرمووی:** وادەبینین کە دروست نیە بۆت بەڕۆژوو نەبیت، وە واجبە لەسەرت کە بەڕۆژوو بیت، بەڵام باشتر لەمە ئەوەیە کە کێشەکەت چارەسەرکەیت بەوەی کە خوێندنەکەت بەشەو بکەیت،

ئەگەر خوێندنت بەشەو کرد ئەوە کێشەکە نامێنێت، وە قورسایەکەشت لەسەر نامێنێت، وە خوێندن بەڕۆژ شتێکی زەروری نیە تاوەکو بڵێین هەردەبێت بەڕۆژ بێت، بەڵکو شەو بێ پێویستت دەکات لە ڕۆژ، ئەمە چاکتر و ئاسانترە بۆ خەڵکی بەتایبەتی کە زۆر جار خەڵکی لەشەوانی مانگی ڕەمەزان ناخەون مەگەر درەنگانێکی شەو نەبێت. (فتاوى نور على الدرب ٢/١١).

**سێیەم:** پرسیار کرا لەلیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فتوادان لە سعودیە (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) کە من قوتابیەکم لە ساڵی سێیەم لە قۆناغی ناوەندی وە ئەمساڵ تاقیکردنەوەکانی کۆتای ساڵ بەویستی خودا دەکەوێتە مانگی ڕەمەزانەوە، وە وەکو دەزانن لە ڕۆژی تاقیکردنەوەدا قوتابی پێویستی بە هێز و توانا و خستنە گەڕی تواناکان هەیە، چونکە ڕۆژەکانی تاقیکردنەوە بەدوای یەکەوەن، وە وادەبینم ڕۆژوو پێویستی بە بەشێك لە ئیسرحەت و خەوتن هەیە، ئایا بەڕۆژوو نەبوون دروستە لە ڕۆژەکانی تاقیکردنەوە، پاشان لە ڕۆژەکانی تردا ئەو ڕۆژانە بگێڕینەوە؟

**وەڵام:** بەڕۆژوو نەبوون دروست نیە بۆ ئەوەی کەباست کرد، بەڵکو حەرامە، چونکە ناچێتە ژێر ئەو عوزرانەوە کە بەڕۆژوو نەبوون حەڵاڵ دەکەن لەمانگی ڕەمەزاندا. (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ١٠/٢٤٠).

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە نیەتمان خاڵص بکات

وصل اللهم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**
**walamakan.com**